بە ناوی کوردستانی گەورە.

## پەیامی ح. س. سۆران بە بۆنەی یەک گرتنەوەی دو دەستەڵاتەکەی هەرێمی کوردستانەوە.

.soransa@hotmail. com

وەک ئەندامێکی هەرە چکۆلە و خزمەتگوزار لە پەیکەری مەزن و بەهێزی گەلی جوامێری کورد، یەک گرتنەوەی دو دەستەلاتە سەرەکیەکەی کوردستان بە تەواوی نەتەوەی کورد، بە تایبەت بە سەروەران کاک مەسعوود بارزانی و مام جەلال، پیرۆزبایی عەرز دەکەم.
یەک گرتنەوەی ئەم دو هێزە، وەک ئەوە وایە، کە گەلی کورد، دو دانە قامکی پەنجەی دەستی وەک سەمبۆلی یەکیەتی بەرزەوە بکا و پیتی { V } ی لاتین، وەک دروشمی پیرۆزی { Victory } نیشان بدا. بەلام ئەم پیرۆزیە کاتێک تەواو کارامە و سەرکەوتو دەبێ، کە ئەم دو قامکە، لەگەڵ قامکە کانی دیکەش { بە تایبەت قامکە گەورە }، یەک کەون و ببنە مشتی یەکیەتی و یەک دڵی لە تەواوی کوردستانی گەورە.

## قوربان گیان! هەر پەنجەیەک پێنج قامکی نەبێ، قەت نابێتە مشتی گشت.

بۆیە لە مێژە وتوومە:
من یەکێکم، نەختێک جێمە،
پەری سەکەوت پشتی لێمە،
کاتێ کۆ بوین، بوینە ئێمە،
فەلەک هیوای دنیای پێمە،
هەر دارێک کە بو بە هۆرە،
بۆ گەلی خۆی بو بە خۆرە،
پاش ئەوەی خۆی پێ ئەشکێنن،
لە ئاگر دا، ئەیسووتێنن.
یەک بگرن، یەک بکەون،
هەتا لە کەل سەر ئەکەون،
سۆرانش هاورێی ئێوەیە،
پەنجا ساڵە بە رێوەیە.

تاران - 4ی رێبەندانی 2705.